**پلاتفۆڕمی هەلی کار**

# ڕێبەری بەکارهێنەر

# خۆتۆمارکردنی خاوەنکار

# ناوەڕۆك

پێشەکی ........ 3
ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر ........ 3
هەنگاوەکانی خۆتۆمارکردنی خاوەنکار ........ 4

## پێشەکی

وەک خاوەنکارێک، بەشداریکردنتان لەم پلاتفۆرمە دەرفەتێکی بێوێنەتان پێدەبەخشێت بۆ:

1. دۆزینەوەی کارمەندی شیاو بە شێوەیەکی کاریگەر و خێرا.
2. بڵاوکردنەوەی هەلی کاری نوێ بۆ گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە کارخوازانی لێهاتوو.
3. بەڕێوەبردنی داواکارییەکانی کار بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ئەلیکترۆنی.
4. بەشداریکردن لە گەشەپێدانی هێزی کاری ناوخۆیی و بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم.

ئەم ڕێبەرە هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییتان دەکات لە پرۆسەی خۆتۆمارکردن وەک خاوەنکار لە سیستەمەکەدا. تکایە بە وردی شوێن ئەم ڕێنماییانە بکەون بۆ دڵنیابوون لە تۆمارکردنێکی سەرکەوتوو و دەستپێکردنی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی پلاتفۆرمەکە.

## ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر


ئەم ڕۆڵانەی بەکارهێنەر دەتوانن داواکاری بۆ هەلی کار پێشکەش بکەن :

| ژ. | ناوی ڕۆڵ | وردەکاری |
|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنەری نەناسراو | ئەو کەسانەی کە لە پلاتفۆرمەکەدا خۆیان تۆمار نەکردووە |

## هەنگاوەکانی خۆتۆمارکردنی خاوەنکار


1. لاپەڕەی سەرەکی

وێبگەڕەکەت بکەرەوە و بڕۆ بۆ لاپەڕەی سەرەکی پلاتفۆرمەکە([https://kar.molsa.gov.krd](https://kar.molsa.gov.krd)) ، پاشان کلیک بکە لەسەر مێنیوی "خاوەنکار".




*شێوەی ١: لاپەڕەی سەرەکی*

2. له لاپەڕەی خاوەنکاردا، کلیک لەسەر دوگمەی "خۆتۆمارکردن وەکو خاوەنکار" بکە.




*شێوەی ٢: لاپەڕەی خاوەنکار*

3. دروستکردنی هەژمار


فۆرمی دروستکردنی هەژمار بە تەواوی و بە وردی پڕبکەرەوە، دڵنیابە لە دروستی هەموو زانیارییەکان پێش پێشکەشکردنیان




*شێوەی ٣: دروستکردنی هەژمار*


4. پشتڕاستکردنەوەی ژمارەی مۆبایل

پاش ئەوەی زانیارییەکانی هەژمارەکەت پێشکەشکرد کۆدێکت پێدەگانت بە SMSپێویستە لە ماوەی کەمتر لە (٣ خولەک) کۆدەکە داخڵ بکەیت پاشان دوگمەی "پێشکەشکردن" دابگرە.




*شێوەی ٤: لاپەڕەی پشتڕاستکردنەوەی ژمارەی مۆبایل*


5. دوای پشتڕاستکردنەوەی سەرکەوتوو، کلیک لەسەر "بڕۆ بۆ چوونە ژوورەوە" بکە




*شێوەی ٥: ژمارەکەت پشتڕاستکرایەوە*

6. چوونە ژوورەوە

لە لاپەڕەی چوونە ژووەوە ناوی بەکارهێنەر و وشەی نهێنی بنووسە، لەدوای ئەوە کلیک لەسەر دوگمەی "چوونە ژوورەوە" بکە.




شێوەی ٦: لاپەڕەی چوونەژوورەوە

7. کلیک لەسەر دوگمەی "داشبۆردەکەم" بکە

دوای ئەوەی کە بە سەرکەوتوویی چوونە ژوورەوەت ئەنجامدا لاپەڕەی سەرەکی دەبێتەوە و دوگمەی "داشبۆردەکەم"لە بەشی سەرەوە لای چەپ بەدیار دەکەوێت.




*شێوەی ٧: لاپەڕەی سەرەکی*

## 8. پرۆفایلی خاوەنکار

لە داشبۆردەکەت هەموو ئەو مێنیوانە دەبینیت کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی کارەکانی خاوەنکار هەیە، کلیک لەسەر مێنیوی "پرۆفایلی خاوەنکار" بکە.




*شێوەی ٨: داشبۆردی خاوەنکار*

9. پڕکردنەوەی فۆڕمی پرۆفایلی خاوەنکار


زانیارییەکان پڕبکەرەوە، پاشان کلیک لەسەر هەڵگرتن بکە.




*شێوەی ٩: پرۆفایلی خاوەنکار*


10. پێداچوونەوە بە پرۆفایلی خاوەنکار

- تیمی بەڕێوەبەرایەتی کاروبار پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی پرۆفایلت دەکات.
- لەم قۆناغەدا، ناتوانیت گۆڕانکاری لە پرۆفایلت بکەیت.
- تەنها دوای پەسەندکردنی پرۆفایلەکەت، هەلیکارەکانت بڵاودەکرێتەوە و دەتوانی بە تەواوی سوود لە خزمەتگوزارییەکانی سیستەمەکە وەربگریت.




*شێوەی ١٠: باری پرۆفایلی خاوەنکار*

چاوەڕێی ئەنجامی پێداچوونەوەی تیمی بەڕێوەبەرایەتی کاروبار بە، ئەگەر زانیارییەکانت هیچ کێشەیەکیان نەبێت ڕاستەوخۆ پەسەند دەکرێت و ئاگادار دەکرێیتەوە، ئەگەر هەر کێشەیەک لە زانیارییەکان هەبوو ئەوا ڕاستەوخۆ ئاگادار دەکرێیتەوە و کێشەکەت پێ ڕادەگەیندرێت لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکەوە.




*شێوەی ١١: ئاگەدارکردنەوەکان لە ڕێگەی پۆرتاڵ*